# میکۆنۆس پێناسەی ئاشکرای تێرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ئاشق ۲۰۰۲/۹/۲۱

سالانێکی زۆر پێش کارەساتی تێرۆریستیی یازدەی سێپتامبری ۲۰۰۱، کە پەیکەری گەورە هێزێکی وەک ئەمریکای ڕاتڵەکاند، دەسەلاتدارانی ئەو ولاتەی تێ گەیاند کە برینی ئەو دیاردە دزێوە چەند بەژانە و وای لێ کردن کە وەبیری هەنگاونانی بە پەلە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەلی و تۆلە سەندنەوە بکەون،
 زۆر پێش ئەوەی کە تێرۆریزم لە پڕ و لە ئاکامی ئەو ڕووداوە دا ببێتە سەر تیتری باس و لێکۆلینەوەی ڕۆژنامە و تەلەویزیۆن و هەموو ڕاگەیەنەگشتیی‌یەکانی جیهان،
زۆر پێش ئەوەی کە کۆڕ و کۆمەلە نێونەتەوەیی‌یەکان و ناوەندە دەولەتی، کۆمەلایەتی و زانستی‌یەکانی سەرانسەری جیهان ئاوا بە جیددی مەسەلەی تیرۆریزم وەک ملۆزمێکی ترسێنەر و سامناک بۆ کۆمەلی مرۆڤایەتی و" نەزمی نوێی جیهان" بخەنە بەرباس و لێکۆلینەوە و وەبیری چارەسەرێک بۆ کزکردن و لەنێوبردنی بکەون و سەرەنجام دەیان سال پێش ئەوەی دەولەتە گەورە و چووکەکانی جیهان و بەتایبەت ئەمریکا و ڕۆژاوا بە پەلەپەل هەول بدەن خەباتی هاوبەش بە دژی تێرۆریزم بکەنە بابەتێکی هەرە گرینگ بۆ هاوکاری و ڕێوشوێنی بۆ دابنێن، بەلێ زۆر پێشتر و هەر دوای ماوەیەکی کەم لەدەسەلات بەدەستەوەگرتنی ئاخوندەکان لە ئێران دا، خەلکی کوردی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران گوتیان کە: "ئەی هاوار خەلکی جیهان! کۆمەلی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی! ئەو کەسانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەلدەسووڕێنن، تێرۆریست پەروەرن و لەسەریەک ماهیەتی ئەو نیزامەش تێرۆرخواز و ئینسان کوژە! بەلام کەس گوێی لێ نەبوو.

ڕێژیمی‌کۆماری ئیسلامی دەستی بە قەلتوبڕکردنی خەلک کرد، بە کۆمەل خەلکی نەیاری سیاسەتەکانی خۆی لەسەرانسەری ئێران گوللەباران کرد، هەر لە کوردستانی ئێران کارەساتی نەورۆزی خوێناویی سنە، بۆمبارانی سەقز و سەردەشت و مەهاباد، قەتلوعامی قاڕنێ، قەلاتان، سەروکانی وهەزاران جینایەت و کردەوەی تێرۆریستیی دیکەی خولقاند. هەموو جارێکیش‌خەلکی قوربانیی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هاواریان کرد و داوایان کرد کە کۆمەلی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی بە دەنگیانەوە بێ و پشتیوانی‌یان لێ‌بکا، بەلام ئەو دەنگانە کەمتر بیستران و کە سیش ئاوڕێکی بە ڕاستی لەو داوایانە نەدایەوە.

ئەو کەمتەر خەمی‌یەی جیهانی دەرەوە دەسەلاتدارانی‌کۆماری ئیسلامیی تا ئەو ڕادەیە ڕژد کرد کە ئەو جار دەستیان بە تێرۆرکردنی نەیارە سیاسی‌یەکانی خۆیان لە دەرەوەی ئێرانێش کرد و تیمە تێرۆریستی‌یەکانی ڕێژیم ولاتانی دەرەوەشیان کردە مەیدانی ڕمبازیی خۆیان و دەیان ناودار و هەلسووڕی سیاسیی نەیاری ئەو ڕێژیمەیان‌لە پێش چاوی بە ڕوالەت ئاوالە و بە دێمۆکڕاسی و عەدالەت پشکوتووی دەسەلاتەگەورەکانی دنیا، کۆڕوکۆمەلەنێونەتەوەیی‌یەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان تێرۆر کرد.

پیاو حەق بلێ، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یە کگرتوەکان پەیتا پەیتا حکوومەتی ئێرانی لە سەر لادان لە بناخە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ مەحکووم دەکرد،

بەڵام ئەو هەنگاوە هیچ چەشنە سزایەکی بە کردەوەی ئەوتۆی لەپشت نەبوو، کە ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئەو حکوومەتە لە تیرۆر و بچووکترین شوێنی لە سەر ڕەفتار و کرداری بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە نەبوو. ئەوان بە پێی ویستی خۆیان جووڵانەوە، بەرنامەکانیان دابەزاند و هەرگیزبایەخیان بۆ ڕێوشوێن و پەسندکراوە نێونەتەوەیی‌یەکان دانەنا.

ساڵی ٨٨ ،کاتێک دوکتور قاسملوو، سیاسەتزانی گەورەی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە سەر مێزی وتوویژ تیرۆر کرا، هەرچەند ڕوون و ئاشکرابوو کە هەر ئەو بە ناو دیپلۆماتانە کە "وتوویژ"یان لەگەڵ دوکتور دەکرد، خودی تیرۆریستەکان بوون و بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش لەو پێوەندی‌یە دا بە دەستەوە بوو، دادگای ئوتریش حەق و عەداڵەتی خستە پێناوی سات و سەودای ئابووری و سیاسی و حکوومەتی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر قازانجی ئابووریی خۆی دا نەک هەر تیرۆریستەکانی سزا نەدا، بەڵکە ڕێگاشی بۆ کردنەوە کە بە بێ دەردی سەر و بە ئاسوودەیی بگەڕێنەوە ئێران و سەرەڕای ڕەخنە و داوای حیزبی دێمۆکڕات و زۆرمرۆڤی حەقخواز و ڕێکخراوی لایەنگری مافی مرۆڤ، هەر ئاوڕیشی نەدایەوە سەر پەروەندەی تیرۆرەکە و بەمجۆرە مەودای بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕایەڵکە تیرۆریستی‌یەکانی دا کە بەرنامەکانیان سە بارە ت بە لە نێوبردنی نەیارەکانی خۆیان بە کەڵک وەرگرتن لە" فەزای لە باری دەرەوە" درێژە بدەن. ئەو "فەزا لەبارە" کە لەسایەی پێوەندیی بازرگانی‌یەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران پێکهاتبوو، وەک پێشتر باسمان کرد، بوو بە هۆی تیرۆرکرانی دەیان تێکۆشەری سیاسیی کورد وئێرانی کە ئەگەر فەزای ڕەخساوی ئورووپا نەبوایە، بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیز نەیاندەتوانی ئاوا سووک و هاسان بیان‌کوژن و بە قەولی خۆیان لە "شەڕ"ی وان ئاسوودەبن. بە ڕاستی لەسەرەتای دەیەی هەشتاوە بەملاوە بارو دۆخەکە وای لێ‌هاتبوو، کە پەنابەرێکی ئاساییش - مادامڕێژیمی ئێرانی خۆشنەویستبایە- لە گیانی خۆی دڵنیا نەبوو. کەسێکت بە تەواوی نەناسیبا، نەت‌دەتوانی‌خۆتی پێ بناسێنی و ژمارە تەلەفۆن و شوێنی ژیانی خۆتی پێ‌بڵێی. هێشتا هەواڵی تیرۆرکرانی هەڵسووڕێکی سیاسی لە گۆشەیەکی ئورووپا کۆن نەدەبوو، کە لە شوێنێکی دیکە هێرشێکی ڕەشەکوژیی تازە بۆ سەر مرۆڤێکی سیاسیی دیکە دەقەوما. عەزیای تیرۆری ئەو ڕێژیمە تەنانەت نووسەر و هونەرمەندیشی وەپاش نەدەدان. سەیریش ئەوە بوو کە سەرەڕای دیاربوونی شوێن پێی ڕایەڵکەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی - لانی کەم لەزۆربەی ئەوڕووداوانەدا- پیاوکوژەکان قیت‌وقنج بۆی دەردەچوون و لە تۆڕی سزا و عەداڵەت - کە لەو وڵاتانە زۆر شاش و هەراو بوو -، نەدەکەوتن.

کارەساتی میکۆنۆس، دژکردەوەی دەزگای پۆلیسی ئەڵمان ،ڕەوتی بەڕێوەچوونی دادگا و سەرەنجامپێڕاگەیشتن و دەرکردنی بڕیاری دادگا، هەرکامە بە بەشی خۆی و هەمووی ڕووداوەکەش لە سەر یەک نوختە گۆڕانێک بوون کە جلکی ڕیا و ساتو سەودا یان لەلەشی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی داڕنی و بە شێوەیەک خستیانە بەرچاوی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان، کە ئیدی بە تەواوی ماهیەتی ڕەشی ئەو ڕێژیمە دەرکەوت و ڕیسوا بوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەنجام لێرە کلکی بەتەڵەوە بوو. ئەوجار وەک جارەکانی پێشوو وادە و بەڵێنی ئابووری و ساتو سەودای نەهێنی -کە ئەو زۆریان پێ پشت‌ئەستوور بوو - بە فریایەوە نەهاتن. بەڕێوەبەرانی پلەسەرووی ڕێژیمی ئێران کەپێشترگەڵاڵەی تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی‌یان پەسند کردبوو و دەستووری بەڕێوەبردنی‌یان دابوو، ئەوجاریش دەیانەویست هەر ئەو فڕ و فێڵە بە کار بێنن کە لە کاتی تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو سکرتێری پێشووی حیزب دا بە کاریان هێنابوو. دەسبەجێ دوای قەومانی کارەساتەکە ڕایان‌گەیاند کە بە هیچ شێوەیەک دەستی ئەوان لە و جینایەتە دا نیە و تەنانەت

باڵوێزخانەی ڕێژیم لە ئەڵمان بە دە زگای پۆلیسی ئەو وڵاتەی ڕاگەیاند کە ئامادەیە بۆ دۆزینەوەی تێرۆریستەکان هاوکاریی پۆلیس بکا. ئەوە لە حاڵێک دا بوو کە لە پشتی پەردەدا هەوڵدانێکی چڕ و پڕیان بۆ پووش‌بە سەرکردنی ڕووداوەکە دەست پێ کردبوو و تا ڕادەیەکی زۆریش دڵنیا بوون کە ئەوجاریش بە شل‌کردنی سەری کیسە و وادە و بەڵێنی بازرگانی دەتوانن ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان چەواشە بکەن و نەهێڵن دادگا ئەرکی خۆی بەڕێوەبەرێ. بەڵام سیستیمی قەزایی و دەزگای لێکۆڵینەوەی وڵاتی ئەڵمان هەر زۆر زوو نیشانیان دا کە ناکەونە ژێر شوێنەواری فێڵ و تەڵەکەی ئەو ڕێژیمە و سەربەخۆیی و پرێنسیپی قەزایی خۆیان دەپارێزن. ئەوەبوو کە زۆر بە جیددی ئەرکی خۆیان بۆ دۆزینەوە و سزادانی قاتڵەکان درێژە پێ دا کە ئاکامەکەی خستنەڕووی چۆنیەتی و ڕاستیی ڕووداوەکە، ناساندنی تاوانباران و مەحکووم کردنیان بوو. ئە و دادگایە ڕوونی کردەوە کە ماکەی ڕەشەکوژی لەتاران و لە نێو بەرپرسە سەرەکی‌یەکانی ڕێژیم دایە و بە و پێ‌یەش دنیا تێ گەیشت کە لە ڕاستی دا بە رپرسی سەرەکیی ئەو ڕەشەکوژی‌یانە هەر دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیانن.

لەو پێوەندی‌یە و لە پەڕاوێزی دادگای مێکۆنۆس دا چەند خاڵ هەن کە بە بڕوای من جێگای سەرنجن و بە جێ‌یە قامکیان لە سە ر دابنرێ:
یەکەم: هەنگاوی وشیارانە، ئازایانە و بێ‌لایەنانەی‌دادگا و پۆلیسی ئەڵمان و ڕاگرتنی سەربە خۆیی قەزایی لە سەرانسەری ڕەوتی لێکۆڵینەوە وبڕیاردان دا وەک شانازی‌یەکی مێژوویی بۆ دەزگای قەزایی و گەلی ئەڵمان دەمێنێتەوە.

دووهەم: شک لەوەدا نیە نەتەوەی کورد بە گشتی هەتا هەتایە بە منەتباری و ڕێزەوە یادی قازی‌یەکان و لێکۆڵەرەوەکانی پەروەندەی مێکۆنۆس دەکاتەوە کە دیفاعیان لە سەرکەوتنی حەق و ڕاستی کرد و بەو شێوەیە نەیان‌هێشت خوێنی شەهیدانی بێرلین لە ژێر پەردەی ڕیا، فێڵ‌وتەڵەکە و ساتوسەودای کۆماری ئیسلامی دا ون بێ.

سێهەم: لایەنی دیار و بەرچاوی دادگای مێکۆنۆس هەروەک هێندێک کەسی دیکەش ئیشارەیان پێ کردوە، تەنیا مەسەلەی ڕوونکردنەوەی تاوانێکی ئینسانکوژیی ئاسایی و سزادانی تاوانبار یان چەند تاوانبار نیە، بەڵکوو لە بناخە دا داستانی هاتنە گۆڕی چەوساوەیی و مەز لوومیەتی نەتەوەی کوردە، کە ڕۆڵەکانی تەنیا بە تاوانی خەباتکردن بۆ مافی ئینسانیی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوت و تێرۆر دەکرێن. لە دادگای بێرلین دا کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرەخوێنمژەکانی لە لایەک و گەلی کورد و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە لایەکی دیکەوە لە بەرامبەر یەکتر دا ڕاوەستابوون. دادگای بێرلین بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی کارەساتەکە و دە رکردنی بڕیاری عادڵانەی خۆی، بە کردەوە بە شێکی گەورەی لە مەینەت و ڕەنجی گەلی کورد خستە پیش چاوی بیروڕای گشتیی جیهان و نیشانی دا کە ئەو گەلە چەند بە ئاشکرا ناحەقی لێ‌دەکرێ و لە ژین بێ‌بەش دەکرێ.

چوارەم: کارەساتی مێکۆنۆس دەرسێک و ئەزموونێکی بۆ ڕێبەرانی گەلی ئێمە تێدایە کە پێشتریش و بۆ وینە دەبوایە لە ڕووداوی سامناکی شەهیدکرانی بلیمەتی کورد دوکتور قاسملووەوە فێری بووبان وئیدی دوژمن نەیتوانیبا ئاوا سووک و هاسان لە نێویان بەرێ. گومان لەوەدا نیە کە شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بەکارهێنانی ڕێوشوێنی هێمنایەتی دا کەمتەرخەمی‌یان کردبوو. با ئەو جار لەبیرمان بێ کەئەو ئەزموونە بە نرخێکی یەکجار گرانی وەک لەدەست‌دانی دوو سکرتێری گشتیی حیزب وەدەست هاتوە. کەوایە با ڕێبەرانی ئێمە بە ڕاستی فێری بن و لە هیچ هەل و مەرجێک دا لە فێڵ و تەڵەکەی دوژمن

خافڵ نەبن.

Kurdiska Demokratiska Partiet i Iran
www.pdki-s.com

Print this page!